# پێگەی کورد لە بەغداد بەرەو لاوازی دەڕوات



لە هەفتەی رابردوودا چەندین جار لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی لایەنە عەرەبییەکانی عێراقەوە ئاماژە بە لاوازبوونی هێزی کورد و لەقبوونی پێگەی کورد لە بەغداد کرا. جاران هەر ئەو بەرپرسانە جەختیان لەسەر رۆڵی کورد لە بنیاتنانەوەی عێراق و بەئاکام گەیشتنی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق دەکردەوە، ئێستا وەرچەرخانێکی ئاشکرا لە سیاسەتی ئەو لایەنە عەرەبیانەی عێراق دەرهەق بە کورد دەبیندرێ. چاودێرانیش پێیانوایە کە ئیدی هێزو شیانی کورد لە ناوەندەکانی دەسەڵاتو بڕیاردانی عێراقدا بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات.

لەماوەی رابردوودا بۆ یەکەمین جار دوای رووخاندنی رژێمی سەدام لە بەغداد بەبێ بەشداری پێکردنی کورد لایەنە عەرەبی و تورکمانیەکان سەبارەت بە کێشەی کەرکوک کۆبوونەوە. هەر ئێستاش چەند هێزێکی عێراقی بەمەبەستی بەرتەسک کردنەوەی ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بەرەو یەکخستنی گوتارەکانیان تێدەکۆشن و دەیانەوێ رێژەی بودجەی هەرێم کەم بکەنەوە، یان گرفت و ئاستەنگی لەبەردەم دا بنێن. لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی نەوتی عێراق بە ئاشکرا دەستی بە دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێم کردووە، وەزارەتی نەوتی عێراق و خودی شەهرستانی وەزیری نەوتیش جەخت لەسەر سزادانی ئەو کۆمپانیایانە دەکەنەوە کە بۆندەی نەوتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم دا واژۆ کردووە، هەڕەشەکانیشیان خستۆتە واری کرداریەوە.

دوای دەستکاری کردنی ئاڵای عێراق و لابردنی سێ ئەستێرەکە وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق بە زمانێکی هەڕەشەئامێزەوە داوای کرد کە دەبێ بەزووترین کات ئاڵای عێراق لەسەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەرز بکرێتەوە. ئەمانەو دەیان وردە ئاماژەی دیکە راشکاوانە پێمان دەڵێن کە ئیدی پارسەنگی کورد لە کورتی دەدات، هێزو دەستەڵاتی کورد لە بەغداد بەرەو لاوازی شۆڕ دەبێتەوە.

ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستان دا یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستانی بووین کە پێشبینی بادانەوەی هێزە عەرەبییەکانمان کردبوو، چەندین جار لە بەیاننامەو هەڵوێستی فەرمی خۆماندا داوامان لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان کرد کە واز لە دامەزراندنەوەی عێراق بهێنێ، شیان و توانای خۆی بۆ بنیاتنانەوەی ئەو عێراقە تەرخان نەکات کە لەگەڵ دامەزراندنیەوە جگە لە نەهامەتی و دەردەسەری و چەوسانەوە شتێکی دیکەی بۆ کوردستانیان پێنەبووە. ئێمە راشکاوانە گوتمانە مادام رێژەی کورد لە بەرانبەر عەرەبی عێراق کەمترە، ئیدی خواست و داواکانی ئێمە لە نێو پەرلەمانی عێراق دا مسۆگەر ناکرێ، ئەوان زۆرینەن و یەکدەگرن، هەر بە دەنگی دیموکراسیانە!! خواست و داخوازیەکانی ئێمە رەت دەکەنەوە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێیوابوو کە سیاسەتی رێککەوتنی نێوان پێکهاتەکان شتێکی هەمیشەییە، بەوهۆیەشەوە ماف و داخوازیەکانی کورد دەستەبەر دەکرێن، جێگەی ئەوان لەنێو ناوەندەکانی بڕیاردانی عێراقدا مسۆگەر دەمێنێتەوە.

ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە کارنامەی داخوازیەکانی چوار ساڵەی گەلی کوردستان و کارەکانی رابردووی نوێنەرانیان بگێڕینەوە، زۆر راشکاوانە بۆمان دەردەکەوێ کە چەواشەکارانە رەفتار لەگەڵ جەماوەردا کراوە، ماددەی ١٤٠ لە بنبەستدا گیری خواردووە، کێشەی بۆندەکانی نەوت لەگەڵ ناوەند یەکلایی نەکراونەتەوە، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق کار بۆ کەم کردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکەن، مالکی پەکی بە کورد نەکەوتووە و پشتیوانی دیکەی بۆ پەیدا بووە، هەم رێژەی وەزیرەکانی کەم دەکاتەوە، هەمیش مەزەندەی ئەوە دەکرێ کە وەزارەتی دەرەوە بە کورد نەداتەوە. بۆیە لێرەدە مافی رەوای خۆمانە بپرسین: ئایا نوێنەرانی ئێمە خەمساردو کەمتەرخەم بوون؟! یان هێزە عەرەبییەکان سیاسەتی فریوکارانەو مایکاڤیلیانەیان بەرانبەر کوردستان بەڕێوەبردووە؟!

هەڵبەت ئۆباڵی ئەو وەرچەرخانە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی و نوێنەرانی خەڵکی کوردستانە، چونکە یان لە راپەڕاندنی کار و ئەرکەکانی خۆیاندا سستیان نواندووە، یان کورتبین و هەناسە سوارانە لە پێشهات و رووداوەکانیان روانیوە.

نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق دا وێرای کەم شیان، بە کەمی بەشداریان لە کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی ئەنجوومەندا دەکرد، لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا بێدەنگ و پاسیڤ بوون، دەیان بڕیاریان بەسەردا تێپەڕبوو، رەوانەکردنی دۆسیەی ماددەی ١٤٠ یەکێکە لەوانەی کە بێئاگایانە دەنگیان بۆداو دەستەڵاتی خۆیان کورت کردەوە، ئەو نوێنەرانە لەسەر بودجە و زێدەماف بەدەنگ دەهاتن، کێشمەکێش و گۆبەندەیان ساز دەکرد، ئێستاش دەڵێن: ئەگەر رێژەی ١٧% پەسند نەکرێ، لەحکومەت دەکشێینەوە!! بەڵام کاتێک باس لە ماددەی ١٤٠ دەکرا لە نیوە زیاتر خۆیان دەدزیەوەو بەشدار نەدەبوون.

نوێنەرانی کورد لە بەغداد جگە لە سەرۆک تاڵەبانی کە بە شیان و زانایی خۆیەوە توانیویەتی رۆڵ و کاریگەری خۆی بسەپێنێ، دەکرێ بڵێین کە ئەوانی دیکە بوون و نەبوونیان وەکو یەک بووە، نەیانتوانیوە کاریگەریان لە دەرچووواندنی بڕیارو راسپاردەکان دا هەبێ، لە دەستەڵاتی جێبەجێ کردن و راپەڕاندندا لاوازو نەشارەزاو بێ شیان بوونە، ئاکام ئەم رەوشەی ئێستای لێکەوتۆتەوە کە چاودێران پێمان دەڵێن پێگەی کورد لە بەغداد بەرەو لاوازی و پوکانەوە دەچێ.

ئێستا نوێنەرانی کوردستان لە بەغداد لە ناخی خۆیانەوە هەستیان بە بێهێزبوونی خۆیان کردووە، کەچی وەکو دەیان کێشەو گرفتی دیکە نایانەوێ ئەو راستیە بسەلمێنن و دان بەوە دابنێن کە رۆڵ و کاریگەریان لە سەر بڕیارەکانی حکومەتی بەغداد کەم بۆتەوە یان بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئێستا هەندێک لە نوێنەرانی کوردستان کە هەستیان بەوە کردووە، بۆیە تۆمەتەکە بۆسەر شیعە فڕێ دەدەن و ئەوان بەمەترسی بۆ سەر داهاتوو دادەنێن، ئێستا ئەوان لەوە دەترسن نەوەک وەزارەتی دەرەوە لە کورد وەربگیرێتەوە، بۆیە هەڵپەی وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی دەکەن، بەرپرسێکی عێراقی لەم بارەیەوە نوقرچکی لە کورد گرتووەو گوتویەتی: " بۆ مسۆگەرکردنی وەزارەتی پارەدار کورد هەڵپە دەکات و داخوازییە نەتەوەییەکانی لەژێر پێ دەنێ "

ئەگەرچی نوێنەرانی ئێستای کوردستان دان بەوە دانانێن کە پێگەو دەستەڵاتیان لە بەغداد بەرەو لاوازی دەڕوات، بەڵام ئایا بۆ داهاتوو چی بکرێ تا پێگەی کورد بەهێز بمێنێتەوە و لە بڕیاردانی ناوەندا پشکدار بێ؟!

بۆ بەهێزکردنی پێگەو پشکی کورد لە حکومەتی ناوەند دا، گرنگە ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێتەوە:

١- سەرکردایەتی سیاسی لانی کەم ئاورێک لە داخوازیەکانی جەماوەرەکەی بداتەوە و لە گۆڕانکاریەکاندا پرسی پێبکات، لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا هاوخەمیان لەگەڵدا بکات.

٢- سەروەری بڕیاری سیاسی بۆ پەرلەمان بگێڕێتەوە، حزب و حوکمەت لەیەکتری جیا بکاتەوە.

٣- نێو ماڵی کوردەواری بەباشی رێکبخاتەوەو بەهێزتری بکات.

٤- شان نزمی لەبەرانبەر کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا نەکات.

٥- پێداگری لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەکان بکاتەوە.

٦- لەپێناو وەدەستهێنانی هاوسۆزی بۆ کێشەی کوردستان پەرە بە بواری دیبلوماسی بدات، پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ گەل و وڵاتاندا گەشە پێبدات.

٧- سنوورێک بۆ چاوچنۆکی بەرپرسان و کارگێڕان دابنێ، لیژنەی نەزاهە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەروەت و سامانی بەرپرسان پێکبهێنێ و دەستەڵاتی پێبدات و سەرپشکی بکات.

**رۆژی گەل**

# دەیانەوێ بەرەی تورکمانی لە شانۆی عێراقی دا رەنگی هەبێ

بەرەی تورکمانی لەگەڵ دامەزراندنیدا لێبڕاوانە دژایەتی داخوازی و مافەکانی گەلی کوردستانی کردووە، سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەتی تورکیای جێبەجێ کردووەو هەوڵی داوە درز لەنێوان پێهاتەکانی کەرکوک دا دروست بکات و شەڕی نەتەوەیی هەڵبگیرسێنێ، لەو پێناوەشدا درێغی نەکردووەو چی لە دەست هاتووە کردوویەتی. خۆشبەختانە تا ئەم چرکەیە بە مەرامی خۆی نەگەیشتووە، هەربەوهۆیەشەوە لەناوەندەکانی رای گشتی کوردستانی و عێراقیدا بە دەسکەلای میتی تورکیا ناسراوەو بە پارێزەوە رەفتاری لەگەڵدا کراوە، کەچی ئێستا هەست دەکرێ کە بەرنامەیەکی گشتگیر لە ئارادایەو دەیانەوێ بەرەی تورکمانی لە سەرشانۆی عێراقیدا بخرێتە بەرچاوان و چالاک بکرێ.

حکومەتی ئەنکارا بێ سەبرانە تێکۆشا تا لە دوایین مانگەکانی ساڵی ٢٠٠٧دا بەرەی تورکمان لەلایەن بەرپرسی پەروەندەی عێراق لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە پێشوازی لێبکرێ. بەرەی تورکمانی بە ئەمریکیەکانی گوتبوو شارەکانی کەرکوک، هەولێر، دیالەو تەلەعفەر تورکمانین!! تورکمانیش کۆڵەکەی سەرەکیە بۆ یەکپارچەهێشتنەوەی عێراق!! وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن بەڵێنیان پێدراوە کە پشتیوانیان لێبکرێ و لە شانۆی عێراقیدا رۆڵیان پێبسپێردرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان حکومەتی ئەنکارا بڕیاری داوە کار بۆ ناساندنی بەرەی تورکمانی بکات، هەم لە مێدیاکانی تورکیاو جیهاندا بەرچاوی بخات و بیناسێنێ، هەمیش بودجەی بۆ زیاد بکات، بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی بەرەی تورکمانی لەلایەن دەستەڵاتی تورکیاوە پێشوازیی لێکراو بەڵێنی پێدرا. هەر لەو بەستێنەدا ئاسانکاری کراوە تا شاندێکی بەرەی تورکمانی لەلایەن کۆمکاری عەرەبیەوە پێشوازیی لێبکرێ، تەنانەت بە دانیشتنی رێزدار تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق لەگەڵ بەرەی تورکمانی، ئەوان دڵگەرمن و دەخوازن لە شانۆی سیاسی عێراقیدا جێگەیان بکرێتەوە، هەر بەوهۆیەوە ئێستا سەرانی بەرەی تورکمانی جەخت لەسەر بەڵێنەکانی ئەو سێ لایەنە دەکەنەوە.

ئەگەرچی ئەمریکاو حکومەتی بەغداد لەسەر داخوازی تورکیا ماددەی ١٤٠یان مراند و کێشەی کەرکوکیان بە هەڵپەسێردراوی هێشتۆتەوە، بەڵام ئەمە لەبەرژەوەندی بەرەی تورکمانیدا هاتۆتەوە، پێگەی ئەوانی لەلای عەرەبە توندڕۆکاندا بەهێز کردووە، ئێستاش بۆ ئامانجی گەورەتر دەیانەوێ کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنە توندڕۆکان دا ئەنجام بدەن.

بێگومان تورکمان پێکهاتەیەکەو لە کوردستان و عێراقدا بوونی هەیە، بەڵام لەوانەیە ٩٥%ی تورکمان لە کوردستاندا بژین، زۆربەشیان پێیان باشە لەگەڵ کوردستان دابن، چونکە دەزانن لە کوردستاندا مافەکانیان مسۆگەر دەبێ و رێژەی ئەوان لە کوردستاندا باشتر دەردەکەوێ تا لە عێراق، کەچی بەرەی تورکمانی دژ بە خواستی تورکمانەکان کار دەکات و دەیەوێ لەگەڵ عەرەبدا بمێننەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرانی بەرەی تورکمانی باش دەزانن کە بە درێژایی حوکمی عەرەب لە بەغداد هیچ بۆ تورکمان نەکراوە، دان بە بوونیشیان نەنراوە، ئەوەی خۆیشی بە تورکمان زانیبێ، وەکو میوان سەیر کراوە.

کارکردن بۆ یەکسانکردنی کوردو تورکمان و ئاشوری لە کوردستاندا کارێکی ئاسانترە، تا وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی ئەوان لە چوارچێوەی عێراقدا، کەواتە هاتنی بەرەی تورکمانی بۆ سەر شانۆی عێراقی بە زیانی بەرژەوەندەکانی تورکمان تەواو دەبێ، هەقە تورکمانەکان هێزو توانای خۆیان کۆ بکەنەوەو دژی ئەوان رابوەستن و رێگەیان پێنەدەن نوێنەرایەتی نەتەوەی تورکمان بکەن.

**ئاکۆ مەجید**

# بازاڕی منداڵ فرۆشتن لە بەغداد ئاشکرا دەبێ

لەدوای ئەوەی چەند رۆژنامەوانێکی سویدی ئەو بازاڕەیان ئاشکرا کرد کە لەنێو جەرگەی شاری بەغداد، پێتەختی عێراقی فیدراڵ!! عێراقی هیواو ئاشتی!! کڕین و فرۆشتنی منداڵانی تێدا ئەنجام دەدرێ، شەپۆلی نارەزایی لەبەرانبەر حکومەتی عێراق بەرز بۆتەوە.

تۆربیۆرن ئەندەرسۆن Torbjörn Anderssonوێنەی زەهرای چوار مانگەی لەباوەشی دایکیدا گرتبوو کە لەبازاڕەکانی بەغداد فرۆشرابوو، رۆژنامەی Expresssen ئێکس پرێسی سویدی، یەکێک لەپڕ فرۆشترین رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بە داخبارییەوە چیرۆکی فرۆشتنی زەهرەی چوار مانگەی بڵاوکردەوە کە لەلایەن سوهەیلەی دایکیەوە لە ناچاریەوە لە بازاڕی فرۆشتن بە نرخی چوار سەد دۆلار دایناوبوو، بەڵام دواتر بە هەزار دۆلار فرۆشرابوو.

سوهەیلە بە چاوی پڕ بە گریانەوە ئاشکرای کردبوو کە ئیدی توانای بەخێوکردنی منداڵەکەی نیە، نەدارەو ناتوانێ شیر و پێداویستی دیکەی بۆ بکڕێ. ئەوگوتبووی کە مێردەکەی چەند مانگ لەمەوبەر لەماڵ چۆتە دەرو نەگەڕاوەتەوە، هەواڵی نیە، کەس نازانێ چی بەسەر هاتووە، خۆیشی نەخۆشی هەناسەتەنگی هەیەو پارەی ئەوەشی نیە کە داوو دەرمان بۆ خۆی بکڕێ، هەر لەم پێوەندەدا سەرچاوەکانی هەواڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فرۆشتنی زەهرا یەکەمین نموونە نیە، بەڵکو بازاڕی کڕین و فرۆشتنی منداڵان، بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە شارەکانی عێراق بوونی هەیە، بۆ کەسانێک بۆتە سەرچاوەی داهات و سامان کۆکردنەوە. بەتایبەتیش کە ئێستا لەسایەی شەڕی نێوەخۆوە بەهەزاران منداڵ بێسەرپەرست ماونەتەوەو لە کوچەو کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوە، هەندێک لەوان وەبەردەستی باندەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەکەون و کڕین و فرۆشتیان پێدەکرێ.

ئەمریکاو هاوپەیمانانی بەبیانۆی شەڕی تیرۆرو دیموکراتیزەکردنی عێراق و بەختەوەرکردنی گەلەکەی پرۆسەی ئازادی عێراقیان بەڕێوەبردو رژێمی بەعسیان رووخاند، عێراقیەکان بەهەموو پێکهاتەکانیانەوە پێشوازیان لەو هەڵوێستەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی کرد، بەڵام هەرگیز لەو باوەڕە دانەبوون کە دوای رووخاندنی دیکتاتۆریەت ئیدی ناچار دەبن لە برساندا منداڵەکانیان بفرۆشن و سەوداو مامەڵە بە جگەرگۆشەکانیانەوە بکەن. ئەگەر زەهرا لە ئەمریکا بفرۆشرابایە، لەوانەیە حکومەتی بووش هەرەسی دەهێنا و ئەمریکیەکان دەڕژانە سەر شەقامەکانەوە. وێڕای ئەوەش ئێستا ئیدی بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بووە کە رۆژ دوای رۆژ کارەساتی مرۆیی لە عێراق پەرەدەسێنێ، حکومەتی بەغداد و بەرپرسانی لەبەر گەندەڵی و هەڵپەی پارە کۆکردنەوە ئاگایان لە مەینەتی گەل نیە،ئەمریکاش لەنێو زەلکاودا چەقیوەو بیر لە رزگاربوون دەکاتەوەو ناپرژێتە سەر خۆشگوزەرانی عێراقیەکان.

لەپێوەند بەو دیاردەیە رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی منداڵان، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەنگیان بەرز کردۆتەوەو حکومەتی بەغدادیان تۆمەتبار و ریسوا کردووە، تەنانەت ناوەندەکانی رای گشتی گەل و وڵاتان نیگەرانی خۆیان پێشان داوە، بەڵام ئایا حکومەتی عێراق باکی بە ریسواکردن و نارەزایی دەربڕین هەیە؟! ئایا گەلی عێراق تا کەی ئەو مەینەتیە پەسند دەکات و یەخەی حکومەت ناگرێ و نایڕوخێنێ؟! ئایا گەلی کوردستان بە چ ئاواتێکەوە ژیانی هاوبەش لەچوارچێوەی ئەو عێراقە ریسواکراوە درێژە پێدەدات؟! ئایا کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتی و میدیاکانی جیهان تاکەی لەبەرانبەر ئەو ستەم و پاشاگەردانیە بێدەنگ دەمێننەوە؟! ئایا منداڵ فرۆشتن و بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستە بژێوی خەڵک دابین دەکات؟!

**سەربەست کانەبی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com